# گۆڤارە ڕووتەکان

# حكم المجلات الخليعة

< كوردي >

سەماحەتی شێخ عبد العزيز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز ( رحمه الله )

وەرگێڕانی : دەستەی بەشی کوردی ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# گۆڤارە ڕووتەکان

**پرسیار** : ئایا حوکمی دەرکردنی ئەو گۆڤارانە چیە کە ئافرەتی ڕووت وسافیرەی بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکیشەر تێدا بڵاو دەکرێتەوە، وە گرنگی بە هەواڵی ئەو پیاو ژنە دراماکەرانە دەدات کە خەریکی کاری نواندنن، وە ئایا حوکمی ئەو کەسە چیە لەو گۆڤارانەدا ئیش دەکات و یارمەتیان دەدات لە بڵاو کردنەوە و دابەشکردن، وە حوکمی ئەو کەسەشمان بۆ ڕوون بکەنەوە کە ئەو گۆڤارانە دەکرێت ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە ..

**وەڵام**: سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەهیچ شێوەیەك دروست نیە ئەو گۆڤارانە دەربکرێت کە وێنەی ئافرەتیان تێدایە، یان بانگەشە بۆ زینا و فاحشە ونێربازی و خواردنەوەی مەی و مادە هۆشبەرەکان وهاوشێوەکانیان دەکات، چونکە دەبێتە هۆی کاری باطل و نادروست یارمەتیدانی خراپەکاری، وە دروست نیە کەسی باوەڕدار لەو گۆڤارانەدا کار بکات نە بە نووسین و نە بە بانگەشە و برەو پێدانی، چونکە کارێکی لەو شێوەیە هاریکاری کردنە لەسەر گوناهو و تاوان وخراپەکاری، و بلاوکردنەوەی فەساد و بێ ڕەوشتیە لە زەوی و بانگەواز کردنە بۆ خراپکردنی کۆمەڵگە، وبڵاوکردنەوەی ڕەوشتی ناشیرن، خوای گەورەش لە قورئانە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی : ﴿ تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾ { المائدة : 2 } .

واتا : یارمەتی و کۆمەکیی یەکتر بکەن لەسەر چاکەو خواناسی، نەکەن یارمەتی وکۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی، لە خوا بترسن و پارێزکار بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر بەتوندی تۆڵە دەسێنێت .

وه پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { صنفان من أهل النار لم أرهما بعد : رجال معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس, ونساء كاسيات عاريات مائلات مميلات على رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة , لا يدخلن الجنة ولا يجد ريحها , وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا } رواه مسلم في صحيحه برقم 3674 .

واتا : دوو دەستە وکۆمەڵ لە ئەهلی دۆزەخن، کە تا ئێستا نەمبینیون : پیاوانێك کە قامچیان بەدەستەوەیە وەك کلکی مانگا وایە، لیدان و فەلاقەی خەڵکی پێدەکەن، و ە ژنانێك پۆشتەن لە ڕواڵەتدا بەڵام ڕووتن، بە خەمزە ولار ولەنجە ڕێدەکەن، سەریان وەك پشتی حوشتری خوار وایە، ئەوانە ناچنە بەهەشتەوە و بۆنی ناکەن، هەرچەند بۆن و بەرامەی بەهەشت لەدووری هێندە و هێندە ڕیگاوە هەستی پێدەکرێت ..

ئایەت وفەرمووده گەلێکی زۆر هەن لەم بارەیەوە، لە خوای گەورە داواکارین کە موسڵمانان موەفەق و سەرکەوتوو بکات لەو چاکسازی و ئیصلاح و سەرفرازییان، وە هیدایەتی ئەوانەش بدات کە بەرپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندنن و گۆڤار و ڕۆژنامەکانن لەوەی خێر و سەلامەتی کۆمەڵگا و ڕزگاربوونیانی تێدایە، وە یارمەتیان بدات کە زاڵ بن بەسەر خراپەکاریەکانی دەروونیان و زاڵیان بکات بەسەر فرۆفێڵەکانی شەیتاندا، خوای گەورە زۆر بەخشندە و میهرەبانە ...

سەرچاوە : گۆڤاری ( الدعوة ) ژمارە ( 1032) ابن باز ...